# دووهەڵوێستی دژ بەیەك لە پەیوەند بە كێشەی "كەمال سەید قادر"ەوە!!

عمری خطاط
omerxatat@yahoo.com

نامەكەی بەڕێزان (حەمە سەعید حەسەن، زیرەک كەمال، سەعدوالله پەرۆش، فەرهاد عەونی) كەلەرۆژی09.01.2006 دا ئاراستەی سەرۆكی حكومەتەكەی هەولێر لە پەیوەند بە كێشەی كەمال سەید قادرەوە كرابوو قسە زۆر هەڵدەگرێ.

بەر لەهەر شتیک ئەم نامەیە هەڵوێستێكی جیاواز، تەنانەت دژ بەو هەڵوێستەی ترمان دەداتێ كەلەرێگەی پێكهێنانی كۆمیتەو ناوەندەكانی هەڵسوڕاو بۆ ئازادكردنی كەمالی سەید قادر ماوەیەكە خەریكی هەڵسوڕانی بەرچاوە.

لە كێشەی كەمال سەید قادردا ئەم دوو هەڵوێستە دژ بەیەكە لەكاردان وەهەریەكەیان بە رێگەی خۆی خەریكی هەڵسوڕانە، یەک لەوانە هەڵوێستێكی ئازادیخوازانەی پڕ سەدایە كەلە رێگەی هەزاران دەنگی پێشكەوتووخواز، نوسەران، هونەرمەندان، و ئەو كەسانەی كە لەخەبات و چالاكی بەردەوامدان بۆ بەدیهێنان و سەقامگیربوونی ئازادیە سیاسیەكان و دامەزراندنی كۆمەڵگەیەكی سالم و مۆدێرن كە بەهاكانی مرۆڤ تێیدا پارێزراوبێت، خۆی دەرخستووەو لەخۆكۆكردنەوەی رۆژانەی خۆیدایە. هەڵوێستەكەی تر دەنگێكی ترە، ئەویش دەنگی چەند نووسەرو كەسانێكن كە لەدەسەلاتەوە نزیكن، وەلەرێگەی پاڕانەوە و بزواندنی هەست ودڵی دەسەلاتداران كە بەشكم ڕەحم بفەرمون و لەم كوێلە لاسارە خۆشبن، دەیەوێت ئەم كێشەیە چارەسەر بكات.

ئامانجی ئەم دووهەڵویستە یان بەواتایەكی ترئەم دوو بەرەیە وەک وتم دژ بەیەكن، ئەگەرچی هەردوولا لە خاڵی ئازادكردنی كەمالی سەید قادر یەک دەگرنەوە، بەڵام هەردوو هەڵوێست پێچەوانەی یەكتر دەجوڵێنەوە.

ئەگەر فشارهێنان بۆدەسەلات ماكی لایەنی یەكەمە ئەوا بەبێ گومان پاڕانەوە لەم دەسەلاتە دەبێتە تایبەتمەندی لایەنی دووەم. بۆ ڕۆشنكردنەوەی قسەكانم دەم كوتان لەهەندێ بابەتی گشتیی تر بە پێویست دەزانم.

فەرمانڕەوایانی ئێستای كوردستان، بەشێكن لەو ستراكچەرە سیاسییەی كەئێستا لە عێراقدا فەرمانڕەوایی دەكا، بە شیعەو سونەو ناسیونالیستە عەرەبەكانی ترەوە. ئەمانە ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا دژ بەیەكن بەڵام بەهەموویان بەشێكن لەو ئەلتەرناتیڤە سیاسیەی كە نیازمەندی ئەمریكایەو بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە لە زاخۆوە بۆ فاو هەریەكە لایەكی گرتووە.

عێراق بە كوردستانیشەوە بە یەكێک لە ساتەوەختە ئاڵۆزەكانی خۆیدا تێپەڕدەبێت، مەسەلەكانی پەیوەند بەدەسەلات و سەقامگیربوون و قەوارە گرتنی دەوڵەتێكی قایم و مەركەزی هێشتا مەسەلەیەكی نەبڕاوەیە، ڕیزبەندی سیاسیی "ڕاست" ی ئەم وڵاتە هێشتا لە جێی خۆی نیە. كوشتن وخۆتەقاندنەوەی بزووتنەوە ئیسلامی وبەعسیەكان ومەسەلەی داگیركاریی هێشتا كۆتایی نەهاتووە. بەڵام لەپاڵ هەموو ئەم گرفتانەدا، مەسەلەی دەستور و سەروسەكوتی یاساكان ئەگەر وەک هێڵە گشتیەكانیشی بێت ڕۆشن و دیـــارن.

ئەگەر بەپێی دەستور، ئیسلام دینی فەرمیی وڵات بێت و یاساكان لێرەوە سەرچاوەبگرن و نابێت هیچ یاسایەک ناكۆک بێت لەگەڵ شەریعەتدا، ئەگەرهاووڵاتیی بوون لەدەستوردا جێگەی خۆی دابێت بە ئینتیمابوون بۆ قەوم و تایەفە، ئەوا پێكهاتە سیاسیەكەی ئەم وڵاتەو ئۆرگانە دەوڵەتیەكانیش بەندە بەهەمان ڕیزبەندی پێشوو وەهەربەهەمان پێوانە دیاری دەكرێن. بەمانایەكی ترپەیوەندی هاووڵاتی و دەسەلات، خاڵی "هاووڵاتی بوون" نیە، بەڵكو ئینتیما بوونە بۆ قەومێک یان تایەفەیەک یان عەشرەتێک كە لە ڕێگەی كیانێكی

سیاسیەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. هەڵبەتە دەستوری هەرێمی کوردستانیش یەک کۆپی تەواو پڕاوپڕی هەمان دەستوری سەراسەریەو یەک خوێن بە ڕۆحی هەردووکیاندا تێپەردەبێت.
گیرساندنی دەوڵەتی ئایینەدی عێراق و پیادەکردنی ئەم یاسایەنە لە کۆمەڵگەدا لەیەکەم هەنگاویدا پێویستی بەسەرکوتی سیاسی هەیە. لەنیشانە سەرەکیەکانی سەرکوتی سیاسیش پێشێل کردن و بەرتەسک کردنەوەی ئازادیە سیاسیەکان دەبێت لە کۆمەڵگەی عێراقدا بەکوردستانیشەوە. کەمالی سەید قادر نمونەیەکی سەرەتایی ئەو هێرشەیە.
هەروەها لەدەستوری سەراسەریدا، کەسایەتیەکی وەک "سیستانی"ودیوەخانەکەی کەپێی دەووترێت "المرجعیة"، پارێزراوون و ڕەخنەگرتن لێیان تابووە و کەسێک وا بکات سزا دەدرێت. ئەمە یەکێک لەوخاڵە سەرەکیانەیە کە شیعەی سیاسی لەدەستوردا سەپاندویەتی. بۆ ناسیونالیزمی کوردیش سەرۆکی حیزب و سیمبوڵەکانی تری نەتەوە هەمان پلەوپایەی سیستانی و "المرجعیة" وەردەگرن و دەبنە " مقدساتی" نەتەوەیی و ڕەخنەگرتن لێیـان دەچێتە خانەی پێشێل کردنی "مقدسات" و کەسێکی وەک کەمالی سەید قادر دەبێتە یەکەمین قوربانی.
لەکورتترین دەربڕیندا کەمالی سەید قادر یەکەمین قوربانی ئەو یاسا "دیموکراسی"یانەیە کە لە عێراقی ئایینەدا کاری پێ دەکرێت.
خاڵێکی تر کە پێویستە باسکرێ، ئەو تایبەتمەندیانەیە کە خودی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیەتی. ئەم بزووتنەوەیە بەدرێژایی تەمەنی، چ لەشاخ و چ لەشار، خاوەنی مێژوویەکی توندوتیژە، خاوەنی کێویک لەسەرکوتی سیاسیە بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی خۆی. بەدرێژایی تەمەنی سەرکوتگەرێکی کارای ئازادی یە سیاسیەکان بووە. هەمیشە ئەوەندە هاوپەیمانێکی باش بووە لەگەڵ لایەنە دینی و پریمیتیڤەکاندا، ئەوەندە لەپاڵ سکولاریزم و مۆدێرنیزمدا نەوەستاوە. هیچ کاتێک ئەم بزووتنەوەیە ڕەخنەی سیاسی لەدەرەوەی خێزانی سیاسی خۆی نەک هەر قبوڵ نەکردووە، بەڵکە بەدژیشی وەستاوە. هەموو ڕەخنەو ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی تر وەک "جنێو" بە خۆی و"کورد" پۆلین دەکات. ئەوەی کە ئێستا بەرامبەر بە دیسکۆرسی کۆمۆنیستەکان دەیکات بەشێکە لەوە!!. ئامانجیش لەهەمو ئەم کارانە سەرکوتی لایەنی بەرامبەرە، جا چ بزووتنەوەی سیاسی و ڕێکخراوەیی بن یان رەخنەی قەڵەمێکی تاک بێت.
لەراستیدا ئەم باسەم بۆ ئەوە هێنا بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ئەو هێزانە بناسێنم کە خەریکن پراکتیکی دەسەلات دەکەن، ئەمەش بەمەبەستی شەفافیەت دان بە ئەو دوو تێڕوانینەی کە خەریکە لەسەر کێشەی کەمال سەید قادر کار دەکات. جا با بێمەوە سەر باسە سەرەکیەکەم.
لەنامەکەی ئەو بەرێزانەی کە ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی "سەرۆکی حکومەتی کوردستان" کراوە، هاتووە: " بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە دژوارەی کەمال سەید قادر سەروەختی بڵاوکردنەوەی "نووسینەکانی" پێیدا ڕەتبووە، ئەمە وێرای ئەوەی بەنامەیەک <u>پەشیمان بووەتەوەو داوای بەخشینی کردووە، لەبەرێزتان دەخوازین فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ دەربکەن</u>."
لە کۆتاییشدا ئەم پەرەگرافە هاتووە:
" پێویستە ئەوەش بڵێین "نووسینەکانی" کەمال سەید قادر، شیاوی داکۆکی لێ کردن نین و دووریشن لە پرەنسیبی ئازادی ڕادەربڕینەوە. سەرەڕای ئەوانەش <u>چاوەڕێی ئەوەمان لێتان هەیە، بەدڵگەورەیی خۆتان و بەگوێرەی ئەو دەسەلاتەی پەرلەمانی کوردستان پێی داون، لێی خۆش بن</u>". (خالێ تأكید هی منه).

ئەمە پوختەی ئەو تێڕوانینەیە کەلەرێی "پارانەوە" و بزواندنی هەست و سۆزی سەرۆکەوە دەیەوێت کێشەی کەمال سەید قادر بەچارەسەر بگەیەنێت. ئەم تێڕوانینە دەیەوێت ئەم کێشەیە کە تەواو سیاسییە و پەیوەندی بە تەواوی کۆمەڵگەوە هەیە. شەرێکی گەورەیە بۆفەراهەم کردنی ئازادیە سیاسیەکان، بکاتە کێشەیەکی "شەخسی" دوو کەس کە یەکێکیان "جنێو"ی داوە و پێویست دەکات داوای لێبوردن بکات، بۆ ئەوەی لایەنی

بەرامبەر بەدەستپێشخەری "پیاوچاکان" لێی خۆش بێت. ئەم نامەیە " صلـح" ێکی تەواو عەشایەریی یە بەڵام لە خۆڕا نەهاتووەو بێ پەیامی سیاسیش نیە!. دواتر دێمە سەر پەیامە سیاسیەکەی.
مەترسیی ئەم پەیامە لەوێدایە کە بۆچونێکی "پریمیتیڤانە" لە تێڕوانینیدا بەرامبەر بە کۆمەڵگەو تاکەکانی ناوی دەدات بەدەستەوە، تێڕوانینێک کە کاروکاردانەوە چینایەتی و سیاسیەکانی ناو ئەم کۆمەڵگەیە نابینێت کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن، خەباتی ئینسان نابینێت بۆ ژیانێکی باشتر. کۆمەڵگە لەم پەیامەدا، نەک وەک ئۆرگانێکی زیندوو بەڵکە وەک کۆمەڵە خێوەتێک وێنا دەکات کە پێداویستیەکانیان لە سک تێرکردن و خەوتن بەولاوە تێپەڕنابێ. نان، کار، ڕادەی ئازادی و پێداویستیەکانی تاک، ئەبێت سەرەوە دیاری بکات. لەم سیستەمدا دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان بوونیان نیە، هەشبێت، لەخزمەت هێشتنەوەی هەمان سیستەمدایە. لێرە سەرەک خێڵ لەسەرەوەیەو خۆی تاکە بڕیاردەرەو هیچ کەس بۆی نیە سیستەمی ئەم خێڵە یان ڕموزەکانی بشکێنێت، وەئەگەر کەسێک وای کرد، ئەوا تابووی شکاندووەو دەبێ سزا بدرێ. کەسێکیش سزا بدرێ ئەوا چەند "دڵسۆزێک" دێنە پێشەوەو دەچنە لای سەرۆک و لێی دەپاڕێنەوە کە بەدڵگەورەیی خۆی لێی خۆشبێت، هەڵەی کردووەو "پەشیمانە"!!.

دەسگیرکردن و دادگایی کردنی کەمال سەید قادرو نامەی ئەم بەڕێزانە، دوو ئەڵقەی یەک زنجیرەیەو بەهەردووکیان یەکتری تەواو دەکەن، واتە هەردووکیان پەیامی سیاسیی دەسەڵاتێکن کە پێمان دەڵێ: ئاگاداری خۆتان بن، قاچ زۆر ڕامەکێشن، ئێوە زۆر ئازاد نین.. یان بەمەرجێ ئازادن، کەئەو شتە بنوسن کە بەکەڵکی من و بزووتنەوەکەم بێت، بەجۆرێک بیر بکەنەوە کەمن بۆتان دیاری دەکەم. وشەکانی لە چەشنی ئازادی، نارەزایەتی دەربڕین، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی، ماف و حورمەتی تاک، ئازادی ڕەخنە... لەقاموسی خۆتاندا دەربهاون.
ئەگەر ئەم وێنە نێگەتیڤەی من باسم کرد، سیماو پەیامێکی سیاسی دەسەڵاتێکە کەهەر لە ئێستاوە بە نیازە لەسەر سەرکوتی ئازادی سیاسی درێژە بەتەمەنی سیاسی و فەرمانڕەوایی خۆی بدات، وە ئەگەر نامەکەی ئەم بەڕێزانە بۆ سەرۆکی حکومەت لە پەیوەند بەکێشەی کەمال سەید قادردا، تەواوکەری هەمان پەیامی دەسەڵاتە، ئەوا لەبەرامبەر ئەماشدا وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی ئومێدبەخش هەیە کەلەبەرامبەر سەرکوتی سیاسی دەسەڵاتدا زۆر قایمانە وەستاوەو لەڕێگەی بەرگری کردن لە ئازادی یە سیاسیەکان خەریکی فشارهێنانە. فشاری گەورەی ئەم بزووتنەوەیە لە ئێستادا بە پ.د.ک و حکومەتەکەی هەولێرەوە وەک ڕۆژی ڕوناک دیارە هەربۆیە بەزووترین کات دەیەوێت لەژێر ئەم فشارەدا خۆی دەرباز بکات و ئازادکردنی کەمال سەید قادر، نەک وەک فشارێکی گەورەی ئەم بەرە ئازادیخوازو چەپەی کوردستان وڕای گشتیی، بەڵکو وەک بەخشینێکی سەرۆکانەو وەڵامی پاڕانەوەنامەیەکی کۆمەڵێک نوسەر پێناسە بکات.
کۆمیتەکانی بەرگری لە ئازادییە سیاسیەکان، کەلەچەندین شوێنی دنیا پێکهاتووە، لیستی نوسەرو هونەرمەند و کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی کوردستان، بۆ بەتەنگەوەهاتنی کێشەی کەمال سەید قادرو فشاری بەردەوام بۆ دەسەڵاتدارانی هەولێر وناوەندە نێودەوڵەتیەکان، چرایەکی ئومێدبەخشە نەک تەنها بۆ ئازادکردنی کەمال سەید قادر، بەڵکو بۆ سەپاندن وفراوان کردنەوەی ئازادییە سیاسیەکان لە کوردستان. ئەمە هەنگاوێکی گەورەیە، بەهیوای بەردەوام بوون.

ئازادی بۆکەمال سەید قادر ..

12.01.2006